# ئەفسانەی کوردی وەک هەنگاوی یەکەم بەرەو مەعریفە

**پ. ی. د. محمد احمد حسن**

بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین- هەرێماکوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە، فۆرمێکی بیرکردنەوە و زانینە، لەو ڕێیەوە مرۆڤ هەوڵی ئاشکراکردنی زۆر هێزی کاریگەری داوە. واتە ئەمرازێکی بیرکردنەوەیە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ناو سرووشت و بوونی مرۆڤ. مرۆڤی سەرەتا لەگەڵ بەرکەوتنی بە سرووشت و دیاردە سرووشتییەکان، پاشان شوانکارەیی و دواتر دامەزراندنی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی هەنگاوی یەکەمین بووە بەرەو مەعریفە. مەبەستمانە بڵێین ئەم گواستنەوانە لەخۆوە نەبووە بەڵکوو لە ڕێی گەشە و بیرکردنەوەی عەقڵییەوە بووە. کەواتە ئەفسانە و لەناویشیدا ئەفسانەی کوردی یەکەمە هەنگاوی یەکەمە بەرەو مەعریفە. ئەم تویژینەوەیەی ئێمە، کارکردنە لەبەر ڕۆشنایی تێزێکی ئەفسانەناسی گەورە (فیراس ئەلسەواح) بە تایبەتی تێزەکەی لە پەرتووکی (ئەفسانە سەرکێشیی یەکەمی ئاوەز- عەقڵ). لە لایەکی تریش سوود لە تێزێکی کلۆد لیڤی شتراوس وەردەگرین، کە ئەفسانە تەنێ دەقێکی ئەدەبی نییە، بەڵکوو زمانێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە، چونکە ئەو یەکە و ڕەگەزانەی ئەفسانە بە گشتی و ئەفسانەی کوردی بەتایبەتی پێکدەهێنن، ئەفسانە دەکەنە پێکهاتەیەک، کە بوونی خۆی لەسەر ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو جێبەجێ دەکات. ئێمە لەم تویژینەوەیەدا وەک زمانی سەردەمێک مامەڵە و تویژینەوە لە ئەفسانەی کوردی دەکەین. بەوەی ئەفسانەی کوردی، هەنگاوێکی مەعریفییە، کە مرۆڤی ئەو کات لە ڕێیەوە ژیانی خۆی گۆڕیوە. بە بڕوای ئێمە ئەفسانەی کوردی سیستەمێکی بیرکردنەوەیی تەواوەتییە لەو ڕێیەوە مرۆڤی کورد بیری لە کۆمەڵێک دیاردە کردۆتەوە. بۆ نموونە مادام مردن هەیە، چۆن وا بکات خۆی بە نەمری بهێڵێتەوە، بۆ ئەمە دێت ئایین دادەهێنێت و ژیانی دوای مردن دەخولقێنێت. کەواتە سیستەمێکی مەعریفی پاڵپشت بە ئاوەز لە پشت داهێنانی ئەفسانەدا هەیە.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیسەلمێنین ئەوەیە، ئایا ئەفسانەکان هەنگاوی یەکەمی مرۆڤە بۆ بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیانە. واتە مرۆڤی سەرەتا ئەفسانە دەکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی عەقڵانیانە بۆ دیاردەکان بکات.

**وشە سەرەکییەکان:** *مەعریفە، ئەفسانەی کوردی، سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئایین، بوون.*

## پێشەکی

ئاشـکرایە کـۆی تـوێژەران لەسـەر ئەوە کـۆکن، ئەفسـانە یەکەمـین سیسـتەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە، لەوێوە مرۆڤ تێڕامانی خۆی بەرانبەر گەردوون و ژیان دەربڕیوە. ئەفسانە شتێک نییە لە دەرەوەی عەقڵ و لۆژیک، بەڵکوو خودی ئەفسانە خاوەنی لۆژیکی خۆیەتی. ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردنی سیستەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لە کۆندا.

## ئامانجی توێژینەوە

ئەفسانە بە بڕوای ئـێمە سەرچاوەیەکی گرنگی مەعریفییە بۆ ئەوەی لە شێواز و فۆرمی بیرکـردنەوەی مرۆڤـی بـزانین. ئـێمە لەم تـوێژینەوەیە ئەوە دەسـەلمێنین، کە ئەفسـانە هەمـان ڕۆڵـی مەعـریفە دەبینێت. ئامانجمـان کەشـفکردنی سیسـتەمی بیرکـردنەوەی مرۆڤـی کورد لە کۆندا، چونکە تاکە سەرچاوەیەکی مەعریفی لەبەر دەستماندا بێت بۆ ئەو کات، ئەفسانەیە.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگـی توێژینەوەکەمـان لەوەدایە ئەفسـانەی کـوردی، یەکەمـین سەرکێشـی عەقڵی مرۆڤە بەرەو بیرکردنەوەی لۆژیکیانە. بۆ ئەمەیش پرسیاری مەعریفی و کۆمەڵایەتی هەبووە و لە ئەفسانەدا خستوویەتەڕوو.

## مێتۆدی توێژینەوە

مێتـۆدی توێژینەوەکەمـان ڕەخـنەی ئەفسـانەییە بـۆ تـوێژینەوە لە دەقـی ئەفسـانەی کوردیدا. ئەم مێتۆدە تایبەتمەندە بە توێژینەوە لە نائاگایی هاوبەشی تاکەکان و تێروانینە سەرەتاییەکانی مـرۆڤ  کاریگەری دەقی ئەدەبی. ئەم پەیوەندییە لە پێکهاتەی ئەفسانەدا دەردەکەوێت، کە هێمایەکی خەیاڵین بۆ دروستکردنی هەستی ناوەوەی مرۆڤ.

## گرفتی توێژینەوە

ئەوەی بـۆ ئـێمە جێـی پرسـیارە و گـرفتە ئەوەیە ئایـا دەتـوانین ئەفسـانە وەک سەرچاوەیەکی مەعریفی دابنێین؟ ئایا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین ئەفسانە سەرچاوەیەکە بۆ وەدەستنخستنی زانیارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و فەلسەفەییەکانی پێش مێژوو؟

## پێکهاتەی توێژینەوە

توێژینەوەکەی ئێمە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە کار لەبـارەی ڕوونکـردنەوەی تێـزەکەی فیـراس ئەلسـەواح دەکەیـن و دواتـر سرووشـتی ئەفسـانەی کـوردی دەخەیـنەڕوو و باسـێکیش لە ئەفسـانە وەک سـەرچاوەی مەعـریفە دەکەیـن.  بەشـی دووەم، کە بەشـێکی پـراکتیکییە، تێیـدا هەوڵـی دۆزیـنەوەی پەیوەنـدی لە نێوان ئەفسـانە و

ئـايين دەدەيــن، كــە چـۆن تێكسـتی ئەفسـانە بە گشـتی و ئەفسـانەی كـوردی بە تـايبەتی كاريگەريـان لەسـەر بيركـردنەوەی مـرۆڤ دانـاوە بـۆ داهێنـانی ئـايين. ئـێمە لەم بەشـەدا كـار لەبارەی پرسـی بـوون و ململانێی بەرەی چاكە و خـراپە و سيسـتەمی كۆمەڵايەتی و سياسـی، لەگەڵ سيسـتەمی ئـايينی. لە كۆتاييشـدا ئەنجامەكانمـان لە چەنـد خاڵێكـدا خسـتۆتەڕوو. لەگەڵ ليستی سەرچاوەكان بە سيستەمی هارڤارد.

## بەشی يەكەم: بايەخ و گرنگی ئەفسانە لە بووندا

### ١. دەروازەيەك بۆ بايەخی ئەفسانە

بە درێژايی مێژوو و سەردەمی پێش مێژوو، هيچ گەل و نەتەوەيەك نييە ميراتێكـی گەورەی لە ئەفسـانە جێنەهێشـتبێت. ئەفسـانە مێراتێكـی مێژوويـی لە مێـژووی شارسـتانيەتە يەك لەدوای يەكەكاندا پێكدەهێنن. بۆيەيش دەبينـين ئەفسـانەی هەمـوو گەلان لە جيهـان ڕايەڵەيەكـی هـاوبەش لە نێوانيانـدا هەيە. مـادام هەمـوو گەلانـی جيهـان خـاوەنی ئەفسـانەی خۆيان بن، كەواتە دياريكردنی پێناسەيەكی دياری و كۆنكرێت بۆ ئەم چەمكە كارێكـی زەحـمەتە. هەر ئەمەيشـە وا لە بيرمەنـدێكی وەكـوو قەشـە ئۆگەسـتين دەكـات، دان بەوەدا بنێـت، ئەگەر لێـی نەپرسـن، ئەوا دەزانێـت ئەفسـانە چييە. ئەو دەڵێـت: ((مـن دەزانـم ئەفسـانە چييە، بە مەرجێك كەس لەبارەيەوە پرسيارم لێ نەكـات. ئەگەر پرسـيارم لـێ كـرا و وەڵامـم دايەوە، ئەوا شـــەرمەندە دەبـــم.)) [ڕانفـــين، ١٩٨١، ل٩] لەگەڵ ئەوەيشـــدا پێناســـەگەلی جۆربەجۆرمـان هەن. لە بنەڕەتـدا ئەفسـانە فـۆرم و سيسـتەمی بيركـردنەوەی مرۆڤـی سـەرەتاييیە بۆ ڕوانين لە ژيان و گەردوون. لە ڕێی ئەفسانەوە خوێندنەوەی ئەو شـتانە كـردووە، كە عەقڵـی نەيتوانيـوە پەيـان پـێ ببـات. بـۆيە ((ئەفسـانە، يـان وێـنەی مەجـازی Myth يـان Mythos جـۆرە چيـرۆكێكە تايبەتمەنـدی خـۆی هەيە، بە ئاسـانی تێكەڵـی ئەو چيرۆكـانە دەبێـت، كە سـيمايەكی خـورافی يـان سـيحريان هەيە. ئەم زاراوەيە لە بـنەچەدا گـريكييە بە واتـای ئەو وشانە دەگوترێن و دوای زاراوەكە بەو لێكدراوەيە كە حيكايەتی خواوەندی بێ.)) [جووتيار، ٢٠٠٦، ل١٧٠] ئەم سيما سيحرييە، وا دەكـات لەگەڵ لۆژيكـدا نەگونجێت. بەڵام ئەوە واتـای ئەوە نييە، ئەفسانە بنەمـايەكی عەقڵی و زانسـتی نەبێت، بەڵـكوو زۆر شـت هەن لە ئەفسـانەدا باسكراوە، دواتر لە ڕێی زانستەوە كراوە بە واقيع.

ئەگەر بۆ واتای زاراوەی ئەفسانە Mythos بگەڕێينەوە، ئەوا بە واتای وشەی دەربـڕدراو دێت، كە زۆر نێزيكە لە زاراوەی Mouthی ئينگليزی، كە بە واتای دەم دێت. بەڵام كام وشە و قسەی دەربـڕدراو؟ زۆرێك لە توێژەران ئامـاژە بۆ ئەو قسـە و گوتـانە دەكەن، كە لە كۆنـدا لە مەراسيمی ئايينيدا گوتراون. واتە ئەفسانە، ڕووی قسـە و دەربـڕدراوی ئەو جووڵانە بووە، كە بـۆ پەرسـتن ئەنجـام دراون. ئەمە دەرخەری بـايەخی ئەفسـانەيە لە ڕوونكـردنەوەی پەيوەنـدی

مـرۆڤ بە گەردوون و ژیـانی کـۆمەڵایەتییەوە. واتە لە ڕێـی ئەفسـانەوە دەتـوانین سیسـتەمی بیرکـردنەوەی مرۆڤـی سـەرەتایی بـزانین. هاوکـات سیسـتەمی ژیـانی کۆمەڵایەتیـان ئاشـکرا بکەیـن. ئەفسـانەکان گـوێزەرەوەی زۆە لایەنـی کـۆمەڵایەتی و ئـایینی سـەردەمانی کـۆنن. بـۆ نمـوونە باسـی دەیـان خواوەنـدی تێـدایە. بە بـڕوای ئەوان، ئەو خواوەنـدانە ژیـانی مرۆڤەکانیـان بەڕێوە بردووە. تەنانەت ژیانی کۆمەڵایەتی خواوەندەکانیش باس کراوە. بۆ نمـوونە ئەفسـانەی گلگـامێش، کە ئەفسـانەیەکی سـۆمەرییە، نـاوبراو نیـوەی مـرۆڤە و نیـوەی خواوەنـدە. لە سـەرەتادا پاشـایەکی زۆردار بـووە بەرانـبەر گەلەکەی، خەڵکیش سـکاڵا دەبـنە لای خواوەنـد ئورۆرۆ و ئەویش سکاڵاکەیان پەسەند دەکات. ئەویش کەسێک بە ناوی ئەنکیدۆ دروست دەکـات و دەینێرێـت بـۆ ئەوەی گلگـامیش لەناوبەرێـت. دوای شـەڕکردن، کەسـیان نـاتوانن ئەویتـر ببەزێنن و گلگـامێش ئەنکیـدۆ فێـری ژیـان دەکـات و دواتـر دەبـن بە هـاوڕێ. درێـژەی گێـڕانەوەکە ڕەنـگە زۆربەی خـوێنەران بیـزانن و ئەنکیـدۆ دەمرێـت و لەوەوە گلگـامیش هەوڵدەدات گیای نەمری پەیدا بکات. دەبینین ئەم ئەفسانە هەوڵی مرۆڤ دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مـردن ببێـتەوە و چارەسـەرێک بـۆ مـردن بـدۆزێتەوە. ئیـدی تێـدەگات ناتوانێـت مـردن ببەزێنێـت، بەڵکـوو دەبێـت بە کـردەوەی باشـە نەمـری بەدەسـت بهێنێـت. پێکهـاتەی ئـاڵۆزی ئەفسانە، کە لە مێژوو، هونەر،بیرکردنەوە و شارستانیەتەکان پێکهـاتووە، وایکـردووە توانـای درێژبوونەوەی بۆ هەموو کاتێک هەبێت. لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا بژیت.

بـایەخی ئەفسـانە تەنـێ لە بوارەکـانی مرۆڤناسـی و کۆمەڵایەتیـدا کـورت نـابێتەوە. بەڵکوو پێکهـاتەیەکی فیکـری و هـونەری و مێـژووییە، خـاوەن گوتـاری تـایبەت بە خـۆیەتی. ڕاستە ئەفسانە لە وەک ژانرێکی ئەدەبی پۆلێن دەکرێت، بەڵام لە بوار و زانسـتی دیـکە دابـڕ نییە. ئەفسانە، خاوەن گـوتارێکی ئەدەبییە، لە ڕێیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئاسۆکانی بیرکـردنەوە و خەیـاڵی فـراوان بکـات. کەواتە ئەفسـانە بەشـێکە لە مێـژووی شارسـتانیەتی مرۆڤـایەتی، هەروەک چۆن سیمایەکی دیاری بوونی مرۆڤە. هەر ئەمەیە وا دەکات فەیلەسووفێکی وەکوو (ئارنسـت کاسـییەر) بڵێـت: ((ئەفسـانە نوانـدنەوەی هێـزی بنەڕەتـیە لە گەشـەی شارسـتانیەتی مرۆڤایەتی. مرۆڤ لە چوارچێوەی ڕەمزەکان و ڕوانینەکانیـدا ئەمە دەکـات. بۆیەیش ئەفسـانە لەگەڵ زمان و هونەر و ئاییندا وێنەیەکی شارستانی پێکدەهێنن.)) [سیدا، ١٩٩٥، ص١٩]

بـایەخی ئەفسـانە بۆ سـەردەمی هاوچەرخ زۆرە، چونکە بە هۆیەوە ئێمە لە سـەردەمی پـێش مێـژوو ئـاگەدار دەبـین. بـۆیەیش یەکێـک لە تیۆرییەکـانی تـایبەت بە تـوێژینەوە و پەیدابوونی ئەفسانە، تیۆری مێژووییە. ئەم تیۆرییە ئەفسانە بۆ مێژوویەک دەگەڕێنێتەوە، کە بە مێـژووی پیرۆزیـی دادەنرێـت. لەو مێـژووەدا مـرۆڤ شـتەکانی لە کـن پیـرۆز بـووە، هاوکـات مێژووی حەقیقەتەکانی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ بە پیرۆز سەیری باران، هەورەبرووسکە، ئاگر،

ئاو...تاد کردووە. ئەفسانە پارێزەر و گوێزەرەوەی دابونەریت، بەهاکان و شەرەکانە. کەواتە هەمــوو ئەو نەتەوانەی پــێش مێــژوو لەنــاوچوون، لە ڕێــی ئەفســانەوە شــتەکانیان بە ئــێمە گەیشتووە. ئەم هەوڵەیش هەوڵێکی مەعریفیانەیە. ((ئەفسانە بەرهەرمێکی خۆڕایی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەر لە نووسینەوەی مێژووە، یا باشتر وایە بڵێین بەرلەوەی مــرۆڤ فیــری نووســین بێــت.)) [عەدۆ، ١٩٨٧، ل١٠١] مــرۆڤ هەمــوو ئەو ڕووداوانەی دەمــاودەم گواستۆتەوە، بە درێژایی سەردەمەکانیش خەیاڵی مرۆڤ کاریگەری هەبووە لە گۆڕینی زۆرێک لە ئەفسانەکان.

**٢. خستنەڕووی تێزەکانی فراس ئەلسەواح لەبارەی ئەفسانەوە**

فیــراس ئەلســەواح، بیرمەنــدی ســووری و تــوێژەری بــواری ئەفسانەناســی و مێــژووی ئایینەکــان، پەرتووکەکــانی بە ســەرچاوەیەکی ئەکــادیمی گرنــگ لەو بــوارانە دادەنــرێن. لەبــارەی ئەفســانە و ئــایینەوە ڕوانــگە و بۆچــوونی تــایبەت بە خــۆی هەیە، کە بــوونەتە جێــی سەرنجی خوێنەران و توێژەران. خەمی ئەو گەڕان بوو بۆ ئەزموونی ڕۆحی مرۆڤ بە درێژایی مێــژوو. هاوکــات لە ڕێــی تــوێژینەوە لە ئایینەکــان، توانیــویەتی چەنــدین پرســیاری گرنــگ سەبارەت بە پرسی ئایین بوروژێنێت. کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی دڕندەیی سرووشت دەبێت، ئەوا هەوڵدەدات جۆرێک لە ئایین دابهێنێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. هەر ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ئەفسانە یەکەمینەکان دابهێنیت.

پەرتــووکی سەرکێشــیی یەکەمــی ئەقــڵ تــوێژینەوەکە لە ئەفســانەکانی ســووریا و میزۆپۆتامیا. ئەفسانەکانی ئەو ناوچانە کۆدەکاتەوە و بە شێوەیەکی زانستیانە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکات. ئەو ئەفسانانە بە دەقی تەورات و ئینجیل و قورئان بەراورد دەکات. هاوکات ئەوە دەســەلمێنێت، کە ئەو ئەفســانانە گەورەتــرین کاریگەریــان لەســەر ئــایینی جووەکــان هەبــووە. پەیوەنــدی نێــوان ئەو ئەفســانانە و ئەفســانەکانی میســری کــۆن و یۆنانییەکــان دەدۆزێتەوە.

سەرکێشــی، کــردەیەکەی یاخیــانە و پاڵەوانــانەیە، مــرۆڤیش لە بەهەشــت یەکەم سەرکێشی ئەنجام دەدات، بەوەی لە دەرەختی زانین و مەعریفە دەخوات. ئەوە سەرکێشییەکی عەقڵــی بــوو، چــونکە دواتــر لە هەمــوو ژیانیــدا عەقــڵ بەکــار دەهێنێــت. هەر بە هــۆی ئەو سەرکێشییەوە بوو لە بەهەشت دەرکرا. ئەو مێژووی بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤ دابەشی سەر چەنــد قۆناغێــك دەكــات. ئامــانجی مــرۆڤ لە ژیانیــدا ڕاســتیی جیهــان و ســەرەكان بزانێــت. بە بــڕوای ئەو ((لە ســەرەتادا جیهــان بە هەمــوو ڕواڵەتە هەمە ڕەنگەكــانیەوە ملكەچــی كــۆمەڵی یاســا و ڕێســای دیــاریكراوە. لەو بــاوەڕەدا زانینــی ئەو یاســا و ڕێســایانە یــارمەتیی مــرۆڤ دەدات سروشــتی دەوروبەری خــۆی كــۆنترۆڵ بكــات و ملكەچــی ئــارەزوو و بەرژەوەنــدییەكانی خــۆی

بکات.)) [السواح، ٢٠٢١، ل١٣] ئەم قۆناغە، بە قۆناغی سیحر ناو دەبات. بۆ نموونە مرۆڤ هەندێک پرۆسەی دیاریکراو ئەنجام دەدات و دەتوانیت کەسێکی نەخۆش چاک بکاتەوە. لەم قۆناغەدا مرۆڤ پەنای بۆ هیچ هێزێکی سەرووسرووشت نەبردووە. دوای مێژوویەکی دوور، مرۆڤ بەرەو داهێنانی ئایین دەچێت. واتە مرۆڤ ئایین بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی پرسیارەکانی دادەهێنێت. ڕاستە بە گوێرەی دەقە ئایینیەکان، بەتایبەت لە ئایینە یەکتاپەرستەکان، ئایین لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ نێردراوە. بەڵام بە بڕوای ئەلسەواح، مرۆڤ لەو سەردەم گەیشتووە بەو بڕوایەی هێزێکی بانسرووشتیی هەبووە، کە لە پشتی دیاردە و ڕواڵەکانی جیهان و گەردوون وەستابێت. ئایین وەکو پێداویستییەکی سەرەکی ڕاڤەکردنی خەون و خەیاڵەکانی، وەکو کلیلی کردنەوەی دەرگا نهێنی و ڕازاویەکانی ژیان و مردن لە زیهنی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات. کاتێک بە ئەزمونی خۆی دوچاری سەرلێشێوان لە هەمبەر دۆزینەوەی مانایەک بۆ ژیان دەبێت، لە چوارچێوەی باوەڕی ئایینی و لە ڕێگای ئایدیای خواوەندەوە دەستی لەوەها خەزێنەیەک گیر دەبێت و نایەوی دەستبەرداری ببێت. ((لێرەدا ئەفسانە بریتییە لە بیرکردنەوە لە هێزە کاریگەرە سەرەتاییەکان. شێوازێکە لە زانین و کەشفکردن و گەیشتن بە ڕاستی و دانانی سیستەمێکی ماقوڵ بۆ بوون کە مرۆڤ باوەڕی پێ بهێنێت و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی تیادا بدۆزێتەوە.)) [السواح، ٢٠٢١، ل١٤] بە بۆچوونی ئەو ئەفسانە شێوازێکە بۆ ئەوەی هەرچی نهێنی گەردوون هەیە، لە ڕێیەوە ئاشکرا بکرێت، چونکە ئێستایش مرۆڤ ناتوانێت هەندێک شت هەیە ڕاڤەی بکات. کەواتە ڕامانی مرۆڤ، سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی پرسیار، گەڕان و بیرکردنەوە بۆ دەستخستنی وەڵام، هەوڵێکی تاکەکەسی نەبووە، زیادتر کۆمەڵە خەڵکێک دایانهێناوە. بۆیەیش بەردەوام بە ئایینی سەرەتایی، یان یەکەمین ئایینی مرۆڤ دادەنرێت. کەواتە ئەفسانە وەک ئایینی سەرەتایی دانراوە و مرۆڤ لە ڕێی جووڵە و سەماوە زۆر شتی ئەنجام داوە. لێرەوە ((ئەفسانە وەک چیرۆک و بەسەرهاتی کۆنن پاڵەوانەکانی کەسانی نائاسایی و ئامێری دەستیان جادوی پڕ هێز بووە و بە چیرۆکی خواوەندەکانیش ناسراوە.)) [حسن٢٠٠٢، ل١٥- ١٦]

لە پەرتووکی (ئایینی مرۆڤ)دا ئەلسەواح بڕوای وایە مرۆڤ دوای ئەوەی لە فۆرمی سیحر نائومێد بوو، ئیدی هەنگاوێکی گەورەی هەڵێنا، ئەویش هەنگاوی پرسیار و گەڕان بوو بە دوای مەعریفە، ئەویش داهێنانی ئەفسانە بوو. ئەفسانە دەبێتە هەموو شتێک لە ژیانی مرۆڤ. مرۆڤ پەندەکانی ژیان، لێکدانەوەکانی بۆ گەردوون و ژیان، ڕاڤەکردنەکانی، کەرەسەی لێکدانەوەی دیاردەکانی سرووشت لە ئەفسانەدا جێ دەکاتەوە. بە بڕوای ئەفسانە سیستەمێکی بیرکردنەوەیی وردە، دڵەڕاوکێی مرۆڤ بەرانبەر گەردوون و مردن و ترس و ژیان لەخۆ دەگرێت. ئەوەی وەک ئەفسانە بەرهەم هاتووە، بریتییە لە دڵەڕاوکێی مرۆڤ مرۆڤ بەرانبە بوون. هەوڵێکی تەواو بوونگەرانەیە بۆ گەڕان بە دوای خۆیدا. کاتێک ئەفسانەی

گلگامیش دەخوێنینەوە. دەبینین، ئەو پاشایە چۆن بە دوای بوونی خۆیدا گەڕاوە. هەوڵیداوە، بـوونی خـۆی بسـەلمێنێت. هەوڵیـداوە بـوون و مردنـی لە دەسـت خواوەنـدەکان دەربهێنێـت و گیایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆی نەمر بکات. کەواتە ئەفسانە دەبێتە کەناڵێکی مەعریفییە، لەو ڕێیەوە مـرۆڤ دەتوانێت ئاسـتی ڕۆشـنبیریی خـۆی دەوڵەمەنـد بکـات، هاوکـات پەیوەنـدی نێوان کولتـوور و شارسـتانیەتەکانیش لە ڕێـی ئەفسـانەوە دەتوانرێت بەدەر بخـرێن. ئەلسەواحی بیرمەند، بڕوای وایە ئەفسانەکانی ئەفراندن چەندین ڕەگەزی دەروونیـان تێدایە و ئەفسانەی ئاکاریش هەن، کە گلگامێش نموونەیەکی جوانە و چەنـدین ڕەگەزی مێژوویـی لەخۆ دەگرن. ئەو ئەفسانانە دەتوانن کۆمەکی گرنگـی ئێمە بـکەن لە ئاشـناکردنمان بە دنیـای کـۆن. لەم پەرتووکەکەیـدا: سەرکێشـیی یەکەمـی ئەقـڵ، ئەفسـانەکان بە گـوێرەی بابەتەکان پۆلێن دەکات، بەتایبەت ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات.

لە هەمـوو پەرتووکەکانیـدا زیـادتر جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە ئـایین چـۆن دروستبووە. ئەو لە پەرتـووکە بەناوبانـگەکەیدا (سەرکێشـی یەکەمـی ئـاوەز- عەقڵ): ئـایینی مـرۆڤ، تـوێژینەوە لە چییەتـی و گەشـەی ئـایین دەکـات. هاوکـات ئـایین بە یەکێـک لە تایبەتمەنـدی و سیما دیارەکان دادەنێت، کە مـرۆڤ لە بـوونەوەری دیـکە جیا دەکاتەوە و بە درێژایی مێـژوو ڕۆڵێکـی گرنـگ و کـاریگەری لە ژیـانی گێـڕاوە و دەگێڕێت. ئەو، ئـایین بە دیـاردەیەکـی کولتـووری دادەنێت، بـڕوای وایە، ئـێمە دەبێت وەک چـۆن بڕوامـان بە کولتـووری جیـاواز هەیە، ئـاوایش بڕوامـان بە ئـایینی جیـاواز هەبێـت. بـۆیەیش ئـایین بـڕوای بە یاسـا و بنەمـاکـانی گەشەسـەندن نـیـە، چـونکە لەو تیـۆر و بنەمـایەدا ڕەهەنـدی ڕۆحـی و دەروونـی فەرامۆش دەکرێت. بە بڕوای ئەو ئایین ئەزمـوونێکـی تاکەکەسییە. لەو بـارەیەوە دەڵێت: کە مرۆڤ لە دایک دەبێت، پاڵنەرێکـی سرووشتی هەیە بۆ ئەوەی پرسیار بکـات. ئەو پـاڵنەرە هەر لە سەرەتاوە هەبووە و وایـکردووە مرۆڤ گەشتەکانی بۆ گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکان دەسـت پێبکـات. ئـایینیش یەکێـک لە ئـامراز و کەرەسـە سـەرەکییەکان بـووە بـۆ ئەو گەڕانـانە، یـان وردتـر بڵێـین یەکێـک بـووە لە گەشـتەکانی بـۆ دەستخسـتنی وەڵامەکـان. بـۆیەیش ئەوەی نەیتوانیـوە وێنـای بکـات و خەیـاڵی بـۆ بکـات، لە ڕێـی ئـایینەوە ئەم کـارەی کردووە. ئەلسەواح، ئایین بە دەربڕینێکـی دەستەجەمعی شـارەزایی و ئەزمـوونی تـاک دادەنێت. ئەمەیش سەلمێنەری ئەوەیە، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئایینیە. ئەم تیۆریە پێچەوانەی ئەوانەیە، کە ئـایین بە ئـافرێنەری کۆمەڵەکـان دادەنـێن. ئەو بە هـۆی شوێنەوارناسـییەوە ئەم تیـۆریەی خـۆی سـەلماند. بەڵـگە شـوێنەوارییەکان ئەوە دەسـەلمێنن ئـایین لای مـرۆڤە سـەرەتاییەکان و تەنـانەت نیانـدەرتاڵەکانیش هەبـووە. واتە سـەرەتا ئـایین وەک تـاک دەسـت پێـدەکات و دواتـر دەبێت بە باوەڕ بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ. هاوکات بەڵگەکانی لەناو ئەفسانەدا هێنایەوە و ئەوەی سـەلماند هەمـوو ئایینەکـان یەکـن و یەک سـەرچاوەیان هەیە. کـاریگەرییەکی ڕوون و

دیــاریش لە نێــوان ئەفســانە و ئایینەکانــدا هەیە. ئەفســانەکان ســەلمێنەری ئەوەن چــۆن ئایینەکان یەکن، شارستانیەتەکان یەکن. سەرەتا ئایینێک وەک ئەزموونی مرۆڤ هەبووە و دواتر بووە بە باوەڕی کۆمەڵێک. پاشان ئەمە ئایین و شارستانیەتێکی تری لێ دروست بووە، بەڵام هەنــدێک تایبەتمەنــدی جیــاوازی هەبــووە. بەم شــێوەیە ئــایین و شارســتانیەتەکان لە هەنــاوی یەکــدییەوە هــاتوون. لامــان ڕوون و ئاشــکرایە چەنــد لێکچــوون لە نێــوان ئــایینی ئیسلام، مەسـیحییەت و جـوو هەیە. لێکچـوونی تەواوەتـی لە نێوان شارسـتانیەتی سـۆمەری و میسری کۆن لە ڕووی نووسین و بیناسازییەوە هەیە.

**٣. ئەفسانە وەک سەرچاوەی مەعریفە**

بە بــڕوای فیــراس ئەلســەواح، ئەفســانە لە بــازنەی زانســتە مرۆڤایەتییەکــان هاوتــای فەلسـەفە دەوەسـتێت. بۆ؟ چونکە بیرکـردنەوە و ڕامـانی مـرۆڤە بـۆ گەڕان بە دوای مەعـریفە. مــرۆڤ پــێش ســەردەمی فەلســەفە وەک زانســت، بــۆ ئەوەی شــتێک ئاشــکرا بکــات، یــان دیــاردەیەک ڕاڤە بکــات، ئەوا ئەفســانەی داهێنــاوە و بە هــۆی ئەفسانەوە ئەو شــتەی کــردووە. بۆیەیش دەبینین لە ئەفسانەدا لۆژیک ئامادە نییە، هەرچەندە خودی ئەفسـانە خـاوەن لۆژیکـی تــایبەت بە خــۆیەتی. کەواتە ئەفســانە هەمــان ڕۆڵــی فەلســەفە دەبینێــت. بــۆ نمــوونە لای سۆمەرییەکان زەوی و ئاسمان هاوسەرگیری دەکەن. بە تێڕوانینی ئەوان، ئاسـمان نێـرە و زەوی مێیە. ئەوان منداڵیان دەبێت و منـداڵەکەیش هەوایە. لە ڕێی ئەم ئەفسانەیەوە، سۆمەرییەکان هەوڵیانداوە لە دیاردەی پەیدابوونی ئاسمان و زەوی تێبگەن. بۆیەیش دەبینین نێوانی ئاسمان و زەوی هەوایە. لەو ڕێیەوە مۆرڤی سەرەتا هەوڵیداوە لە دیاردەکان بگات. هەمـوو توێژینەوەکـان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ئەفسانە جۆرێکە لە مەعـریفە. پۆل ڕادیـن لە کتێبـی: مرۆڤـی سەرەتا فەیلەسووفە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، خەڵکانی سەرەتا بیرمەند بوونە، بەهرەمەند بوون، بـۆیەیش ئەفسـانەیان داهێنـاوە. ئەو دەڵێـت: ((زۆر بێـویژدانییە لەو بـاوەڕەدابین، کە خەڵکـانی سەرەتا توانای بیرکـردنەوەیان سنووردار بووە، یان ڕێکخسـتنی بیرۆکەکانیـان بە شـێوەیەکی مێتۆدیـانە نەبـووە.)) [سـیجال، ٢٠١٧، ص٤٦] واتە ئەوەی خەڵکـانی سـەرەتا لە ڕێـی ئەفسـانەوە لەبارەی مردن، ژیان، ترس، گەردوون و گیاندارانیان نووسیوە وڕێنە و شـتێکی لەخۆڕا نەبـووە، بەڵکـوو ئەنجـامی تێڕامــان و بیرکــردنەوەی ئەو بــووە. بە واتــایەکی دیــکە سیســتەمێکی مەعریفییە و خەڵک بیرکردنەوەکانی خۆیان لە چوارچێوەیدا ڕێکخستووە.

ڕەنگە هێندێک هەبن بپرسن، ئەفسانە دەربڕینی جیهانە نادیار و نەبیندراوەکانە، چ پێوەنـدییەکی بە مەعـریفە و فەلسـەفەوە هەیە. بەڵام کـاریگەری جـادوویی ئەفسـانە لەسـەر عەقڵــی کــۆمەڵایەتی و کــۆی کۆمەڵەکــان ســەلمێنەری ئەو ڕاســتیەیە، کە هێشــتا مــرۆڤ پێویستی بە ئەفسانە هەیە. توێژەرێکی گرنگی وەک جۆزیف کامبڵ بڕوای وایە ((هەمـوو

خەونەکان یەکن، چ هی ئەمڕۆ بێ یان هەزاران ساڵ پێش ئێستا، لەو هەموو سەردەمەدا جارێ پاڵەوان دەبێتە ڕزگارکەر و هەندێک جاریش پێغەمبەر و ڕێ پیشاندەر و ڕووناککەرەوە و یان هەندێک جار وەکو (میفستوفلیس)ی گۆتەدا لە شێوەی ئەهریمەندا دەردەکەوێ. هەندێک جاریش مەشخەڵی گەیاندنی هەواڵی خۆشەویستی پێیە.)) [کەمبڵ، ٢٠٠٨، ل٦-٧] ئەفسانە جیاواز لەوەی خۆی وەک دەقێکی ئەدەبی و فەلسەفی کاریگەری لەسەر هوشیاری مرۆڤ و کۆمەڵ هەیە، چیرۆکەکانی خۆیشی خزاندۆتە ناو کۆی ئایینەکانی سەر زەوی و لەوێوە ئامۆژگارییە ئاکاری و ژیانییەکانمان پێشکەش دەکات. بۆیەیش ئەفسانە وەک سەفەرێکە بۆ جیهانی مرۆڤی کۆن و سەرەتایی. کامبڵ لەم پەرتووکەدا زۆر بە وردی باسی ئەفسانە لە سەردەمی نوێدا دەکات. ئەگەر سەردەمی کۆن، پاڵەوانەکان، کەسانی ئەفسانەیی هێرقڵ و دێو و گلگامێش و خواوەندەکان بووبن، ئەوا ئەفسانەی سەردەمی نوێ بریتیین لە کەشتی دەریایی، فڕۆکە، ئەستێرەکانی سینەما و تۆپی پێ. بۆیەیش یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە بە بڕوای کامبڵ بریتییە لەوەی ئەفسانە لە دەرەوەی ژیانمان بێت. هەمووومان هاوشێوەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکان لە گەشتێکداین بۆ ئەوەی بە خۆشەویستە دڵخوازەکەمان بگەین، یان بەو گەنجینەیە بگەین، کە لە خەونماندا بینیومانە.

ئەفسانە، باس لە سەردەمەکان دەکات، تایبەتمەندی هەر سەردەمێک لەناو دەقی ئەفسانەییدا خۆی نمایش دەکات. لەم ئەرکەدا ئەفسانە هەمان تایبەتمەندی و ئەرکی فەلسەفە وەردەگرێت. بەڵام بە لۆژیکێکی نوێ. ئەگەر سەیری ئەفسانەکانی سەردەمی یۆنانی کۆن بکەین، بەتایبەتی لە سەدەی حەوت و هەشتی پێش زایین، ئەوا دەبینین قۆناغی دوای ئەوە بیرکردنەوەی فەلسەفی و عەقڵانی لە دایک دەبێت. بە لەدایکبوونی فەلسەفەیش، هێشتا ئەفسانەکان خۆراکی ڕۆحی گشتی بوون. بۆیەیش شاعیرێکی وەک هۆمیرۆس، دوو داستانی زۆر گرنگ بە ناوەکانی ئەلیادە و ئۆدێسە دەنووسێت، کە ڕۆحی ئەم داستانانە ئەفسانەکانی یۆنانە. لەم داستانانەدا ململانێی نیوان خواوەندەکان و خواوەند و مرۆڤەکان بە وردی کاری لەبارەوە کراوە. خەیاڵێکی زۆری تیدا بەکارهاتووە. هەموو ئەم خەیاڵانە لەگەڵ لۆژیک و عەقڵدا گونجێندراون. بۆ نموونە فێڵی ئەسپی دارین، کە لە ڕێیەوە ترۆی کۆنترۆڵ دەکرێت. هێنانەوەی بەڵگەی لۆژیکی، کاتێک بە هۆی پاژنەپێ ئەخیل دەکوژرێت. ئۆدیسیۆس، کە خاوەنی بیرۆکەی ئەسپی دارینە، لە لایەن خواوەند پۆسیدۆنەوە، کە خواوەندی دەریاە بەر نەفرەت دەکەوێت. هەر بە هۆی ئەو نەفرەتەوە ڕێ ون دەکات و دەکەوێتە دوورگەی گالیپسۆوە، ماوەی دە ساڵ لەوێ دەبێت. هەموو ئەمانە لە ڕێی ئەفسانەوە بۆمان دەگێڕدرێتەوە. ڕاستە، شەڕی ترۆی بە داستان نووسراوەتەوە، بەڵام مێژووییەکە و بنەماکەی ئەفسانەیە.

ئەفسانە بووەتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ داهێنانی ئەدەبی. شاعیران و نووسەران بە درێژایی مێژوو سوودیان لە ئەفسانە وەرگرتووە بۆ داهێنانی دەقەکانیان. تەنانەت ئەو ئەفسانانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاکوو ئێستا ماونەتەوە زۆربەیان شیعرن و گەنجینەیەکی مەعریفی گەورەن بۆ ئێمە. ڕەخنەگرێکی وەکوو شلیگڵ لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەفسانە و شیعر دەڵێت: ((ئەفسانە و شیعر یەک شتن و جودا ناکرێنەوە، بەڵام لە ڕووی بیرەوە ئەفسانە سەرچاوەی بنەڕەتییە بۆ سرووشی ئەدەبی. هەر لە هەناوی ئەفسانەوە پەند و قسەی نەستەق و چیرۆک و ڕۆمان و شیعر لە دایک دەبن، کە لایەنی ئەدەبی و هونەری ئەدەبی گەلان لە ڕێیەوە گوزارشتی لێکراوە.)) [الملاح وآخرون، ١٩٨٨، ص٨٤] کەواتە ئەدەب و زمان وەکوو دوو سەرچاوەی گەورەی مەعریفی مرۆڤ، سوودی زۆری لە ئەفسانە وەرگرتووە، خودی ئەفسانەیش وەکوو یەکێک لە ژانرە ئەدەبییەکان هەژمار دەکرێت. بۆیەیش وەک ئەزموونی یەکەمی مرۆڤ بۆ نووسینی شیعر دادەنرێت. ئەفسانە، دەقێکە داهێنانی تێدا کراوە، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد، لەناو ئەفسانەدا تۆ دەتوانی مێژوو، جوگرافیا، فەلسەفە و دەروونزانی و کۆمەڵناسی و...تاد بدۆزیتەوە. واتە لە ڕێی ئەفسانەوە دەتوانین ڕەوتی گەشەی بیری مرۆڤ بزانین و قۆناغەکانی دەستنیشان بکەین.

**بەشی دووەم: ئەفسانەی کوردی و سەرچاوەی مەعریفە**

بەڵگە شوێنەوارناسی و مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە کورد یەکێکە لە دێرینترین نەتەوەکان. تەنانەت لە ڕێی بەڵگەی مێژوویی و زمانیی و کولتوورییەوە ڕیشەی کورد بۆ سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە مێژووی کورد بە شێکی زۆری لە لایەن خەڵکانی دیکەوە نووسراوەتەوە و بەمەیش دەسکاری زۆری کراوە، بەڵام توێژەران لە ئێستادا بەتایبەت توێژەرانی کورد، ئەو هەڵانەیان ڕاست کردۆتەوە و توێژینەوەی گرنگیان لەبارەی مێژووی کورد نووسیوەتەوە. بەڵگە ئارکیۆلۆژییەکانی ئەشکەوتەکانی شانەدەر و هەزار مێرد (وەک دۆزینەوەی ئێسک و پرووسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ، ساڵی ٢٠٢٤ ئێسکی کەللە سەری ژنێکی نیاندەرتاڵ لە شاندەر دۆزرایەوە)، ئەوەیان سەلماندووە، کە پێش ئەوەی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا دروست بێت، مرۆڤ لە کوردستان بە گوێرەی هۆش و توانا و دۆخی ئەو سەردەم هەوڵی چێکردنی شارستانیەتی داوە. دواتر ئەوانە لە چیاکانی زاگرۆس و کوردستانەوە بەرەو دەشتاییەکانی فورات و دیجلە ڕۆیشتوون و لەوێ شارستانیەتیان دروست کردووە. بەڵگە ئارکیۆلۆژییەکان کە لە فورات و دیجلەدا دۆزراونەتەوە هەمان ئەو کەرەسانەن، کە لە گوندەکانی چەرموو و جۆگەمامیدا دۆزراونەتەوە. بەڵام ((گرنگترین بەڵگەی ماددی کە بەتەواوی دەیسەلمێنیت کە ئەم فوراتییە کۆنانە لە چیاکانی کوردستانەوە کۆچیان کردبێت، ئەوەیە کە ئایینی ئەم فوراتییە کۆنانە و ئایینی چیاکانی زاگرۆسی کوردستان یەک ئایین بووە. بەڵگەش بۆ ئەمە پەیکەری ئەو

خوداوەنـــدە دایکـــانەیە کە لە ناوچەکـــانی فـــوراتییە کۆنەکـــان دۆزراوەتەوە بەڵام بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر و هونەریتر.)) [باخەوان، ٢٠٠٣، ل٣٥- ٣٦]

ئەم شوێنە (کوردستان)، لانکەی شارستانیەتە، چەندین شارستانیەتی گەورەی تێدا لەدایکبووە. بۆ نموونە سۆمەرییەکان، کە خاوەنی داهێنانی نووسینی مێخیین و زۆوربەی ((ئەفسانە سامییەکانی سەردەمی ئەکەدییەکان و بابلییەکان و ئاشوورییەکان دەچنەوە سەردەمی سۆمەرییەکان و گەلانی دوای سۆمەرییەکان پەرچڤەی زمانەکانی خۆیانیان کردووە.)) [باخەوان، ٢٠٠٣، ل١٠٤] ئەم ئەفسانانە دواتر لەو ناوچانە دەماودەم گێڕادراونەتەوە و زیاد و کەمیان تێدا کراوە. لق و پۆی زیاتریان لێبۆتەوە.

## ١. پرسیاری بوون وەک پرسیاری مەعریفە

بـوونی مـرۆڤ و گەردوون یەکەمـین بـابەت و پرسـیار بـووە، کە مرۆڤـی کـۆن ئاراستەی خۆی کردووە و بووەتە جێی تێڕامان و بیرکردنەوەی. دواتر ئەم گەڕان و پرسیارە لە بـوون دواتـر لەنـاو فەلسـەفەدا دەبێـتە ئاراسـتەیەکی فەلسـەفەی سـەرەکی. فەلسـەفەی بـوونگەرایی، دەبێـتە فەلسـەفەیەک لە بـوونی مـرۆڤ دەکـۆڵێتەوە. ئەفسـانەی ئافرانـدن، توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە. خاڵێکی زۆر گەوهەری هەیە، کە قسەکردن لەبارەی بوون لە ئەفسانەدا پەیوەست دەکرێتەوە بە ئایین. ئەفسانە و ئایین وەک لە سەرەوە باسمان کرد، بە شـێوەیەک بە یەکەوە بەسـتراونتەوە، کە لە هەنـاوی یەکـدییەوە لەدایکبـوونە. کەواتە تێڕوانینـی مرۆڤـی کـورد سـەبارەت بە بـوون لەو سـەردەم تێڕوانینێکـی ئەفسـانەییانە بـووە. کە دواتـریش ئایینەکـان سـوودی زۆریـان لێوەرگرتـووە. ڕەنـگە ئەو تێڕوانینـانە بـۆ ئێسـتای ئـێمە ئەفسانەیی بن، بەڵام بۆ کاتی خۆی، تێڕوانینێکی تەواو ڕاست و دروست بوونە. مرۆڤانی ئەو کات بەوپەڕی قەناعەتەوە وەها بۆچوونێکیان هەبووە.

لە فیکری ئەفسانەییدا، بوونی سرووشت نوێنەرایەتی بوونی مرۆڤ دەکات، چونکە سرووشـت لەوێـدا زینـدووە و وەکـوو بـوونێکی زینـدوو مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکرێت. ڕۆحـی مرۆڤیش بەشداری دەکات و لەگەڵ ڕۆحی سرووشدا تێکەڵ دەبێت. لە ئەفسانەی (ئەحمەدە کەچەڵـی)دا، ئیشـکردن لەبـارەی بـوونی مـرۆڤ، لەنـاو سرووشـتەوەیە. کاتێـک ئەحـمەد و خۆشەویستەکەی ڕا دەکەن، لەناو مێرگێکدا دادەنیشن و قاچیان لەناو ڕووبارێکدا دەبێت. لەناکـاو گەوهەرێکـی درەوشـاوە بەنـاو ڕووبـارەکەدا دێـت و ئەحـمەد دیگـرێتەوە. ((لە گەروویەکی وەسەرکەوتن، ئەگەر تەماشایان کرد، کانی و ئاوێکی زۆر خۆش بوو. مێرگ و مێرگوزارێک بوو هەر دڵێک نا هەزار دڵ ئاشقی دەبوو. لایانـدا و لەو جێگەیە وڵاغیـان بەرەڵڵا کردن و لە لەوەڕیان نا. کچی پاشای خەوی دەهات و سەری وەڕانی ئەحمەدی کرد.)) [سـەلیمی، ٢٠١٣: ل١٠٠] سرووشـت ناوەنـدی بـوونە، لەوێـوە مـرۆڤ هەوڵیـداوە بـوونی خـۆی

بســەلمێنێت. هەر خــودی گەوهەر ڕەمــزە بــۆ بــوون، چــونکە ئەفســانەی دیکەیــش هەن، کە پەیــدابوونی گەردوون بــۆ گەوهەرێــک دەگەڕێنــنەوە. لە ئەفســانەی کوردیــدا، پرســی بــوون، پەیوەست نییە بە تـاک. واتە پرسـەکە گەڕانەوە نییە بـۆ تـاک و مـرۆڤ، بەڵکوو پرسـەکە پەیوەسـتە بە هێزێکـی بـاڵاتر لە مـرۆڤ، ئەو هێـزەیش لە ڕێـی سـیحرەوە دەتوانیـت ئەو بوونـانە هەڵسـوڕێنێت و بوونیـان پێببەخشـێت، یـان لێیـان بسـێنێتەوە. هەر لەم ئەفسـانەی سـەرەوە، دوای ئەوەی پاشا دڵی دەچێتە دەسـگیرانی ئەحمەد، داوای لێ دەکات بچێت دوو گەوهەری دیـکەی بـۆ بێنێـت، چـونکە ئەو سـێ ژنـی هەیە، گەوهەرەکەی داوە بە یەکیـان و دووانەکەی دیـکە عـاجزن لێـی. پاشـا بەهـانە بە ئەحـمەد دەگرێـت. بـۆیەیش ئەحـمە دەڕوات. ((زینـدومردووەکەی هەڵکەنـد. خـۆی تیـدا حەشـاردا. هەتـا لای ڕۆژئـاوا هـیچ دیـار نەبـوو. لای ڕۆژئـاوایە کە دنیـا تاریـک بـوو. ناڵەنـاڵ و گـرمە گـرم پەیـدابوو. دێـوێکـی ڕەش پەیـدابوو. دێـو خـۆی دە عەرزێ کوتا، ڕووی دە جێگەیەکی کرد. شتێکی لەبن عەرزی دەرهێنا سەری سەنگ بوو، ئەمما بۆ خۆی بە جوستە ئـادەم بـوو. دێو شـوڵکێکـی لێدا و ئەفسـوونێکـی خوێنـد. بەردەکە بـوو بە ژنێکـی جوان، وەک چـرای دایسـا. گـوتی هـا ئـادەمیزاد ئەتـۆ هەتـا کەنگـی دەسـتم دەگەڵ تـێکەڵ نـاکەی؟ کـوتی دێـوی نەعلەتـی ئەمـن پـازدە سـاڵە دە زینـدانی تـۆدام، پـازدە سـاڵی دیـکەش دە زینـدانی تـۆدا بـم ئێسـتا دەسـتت دەگەڵ تـێکەڵ نـاکەم. دیسـان ئەفسـوونی لـێ خوێند و شولکێکی لێدا و بردیەوە جی خۆی.)) [سـەلیمی: ٢٠١٣: ل١٠٢] دێو، وەکوو هێزی خراپە، بوونی مرۆڤ لەبن دەستی ئەوە، ئەو دەتوانێت لە ڕێی سیحرەوە مرۆڤێک بکات بە بەرد و دواتـر زینـدووی بکـاتەوە. کەواتە مرۆڤـی کـورد لە چوارچێـوەی هێزێکـی بـاڵاتر لە خـۆی بیـری لە بـوونی خـۆی کـردۆتەوە. هەمیشـە بـوونی خـۆی لەنـاو بـوونی هێـزی بـاڵادا دۆزیـوەتەوە و پەیوەستی بە دەسەڵاتی ئەو هێزە کردۆتەوە.

ئەوەی جێـی سـەرنجە پەیـدابوونی ئەم ئەفسـانانە بـۆ پـێش هـاتنی ئـایینی ئیسـلام دەگەڕێـنەوە. بەڵام دواتـر لەگەڵ بیروبـاوەڕی ئـایینی ئیسـلام هاوتەریـب کـراوە و خـراوەتە خزمەت ئەم ئایینە. بۆیەیش دەبینین ناوی پاڵەوانەکان بە زۆری ئەحمەد، محەمەد، مەحموود، برایم...تاد.

لە ئەفسـانەی (مەلیـک ڕەیحـان)دا بـوونی مـرۆڤ و زینـدووکردنەوە و گەڕانەوە بـۆ تەمەنی گەنجی بە دەسـەڵاتێکی بـاڵاتر لە مـرۆڤ بەخشـراوە. دیـارە ئەمەیش پرسـیاری مـرۆڤ بـووە، کە بەردەوام لە خـۆی کـردووە: دوای مـردن چـی لـێ دێـت؟ ئایـا زینـدوو دەبـمەوە؟ ئایـا شـتێک هەیە وا بکـات نەمـرم؟ ئایـا دەتـوانم لە وا بـکەم لە تەمەنـی پیـرییەوە بـۆ تەمەنـی گەنجـی بگەڕێـمەوە؟ وەڵامـی هەمـوو ئەم پرسـیارانە لەم ئەفســانەیەدا بە شــێوەیەک لە شـێوەکان کـاری لەبـارەوە کـراوە. بە هـۆی ئەوەی لەم گەردوونەدا تەنیـا مـرۆڤ بە ئاگـایە

لەوەی دەمرێــت، ئەوا بەردەوام وێــڵ دەبێــت بە دوای ئەوەی چــارەیەک بــۆ ئەم مــردنەی خــۆی بـدۆزێتەوە. هەرچەنـدە مـردن لە ئەفسـانەدا دەبێـتە هـۆی ئەوەی مـرۆڤ بەرانـبەر خـودی خـۆی بوەسـتێتەوە و کـار بـۆ ئەوە بکـات، کە خـۆی بناسـێت، واتە بـوونی خـۆی بسـەلمێنێت. بەڵام مرۆڤی سەرەتا، بەردەوام ترسێکی هەبووە. ئەم ترسە وایکردووە خۆی نەبێت و کار بۆ ئەوەی بکـات لە دوای مـردنەوە دنیـایەکی دیـکە دروسـت بکـات، کە لەوێـدا زینـدوو دەبێـتەوە. ((ئەپیکـۆرس لەو بـاوەڕەدایە کە تـرس، بەتـایبەتی تـرس لە مـردن دەبێـتە هـۆی لەنـاوبردنی بەخــتەوەری مــرۆڤ. لە فەلســەفەی ئەنترۆپۆلــۆجی هیگڵــدا تــرس لە مــردن هۆکــارێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی و پەیدابوونی ئایینەکان. فرۆیـدیش لەگەڵ هیگڵـدا هـاوڕایە ئایینەکـان دەگەڕێنێـتەوە بـۆ سـەر تـرس.)) [کەمـال، ٢٠٠٧، ل٩٩] ئەوەی لە ئەفســانەکاندا هەیە ترســە لە مــردن، هەر ئەو ترســەیش بــووە دواتــر لە هەنــاوی ئەفسـانەکانەوە مـرۆڤ ئـایینی داهێنـاوە. پـاڵەوان کاتێـک لەگەڵ کـچە پاشـا هەڵـدێن، دەگەنە مەملەکەتێکی تر. پاشای ئەوێ داوا لە پاڵەوان دەکات لە چیای قاف گیایەکی بۆ بهێنێت، کە هەر کەس بۆنی بکـات، تەمەنـی سـەت سـاڵ بێت، دەبێتەوە چواردەسـاڵ. ((بـرای حەوتەم گوتی: ئەم گوڵەی تۆ بۆی هاتووی گوڵ نییە، کچێکی شای پەریـان هەیە نـاوی مەلیـک ڕەیحـانەیە هەر جارێـک پیـدەکەنێ قـامکە گـوڵەکە لە دەمـی بەردەبێـتەوە، هەر کەسێک بۆنی بکات گەنج دەبێتەوە، ئەگەر لە مردنیشی بێت چاک دەبێتەوە.)) [جوتیـار، ٢٠٠٧، ل٤٩] ئەوە ترسی مرۆڤە وایکردووە باسی گوڵێک بکات، یان بەهانەی ئەوە بدۆزێتەوە، کە گوڵێــک هەیە، ئەو گــوڵە تەمەنــی مــرۆڤ گەنــج دەکــاتەوە. واتە هەوڵــێکە بــۆ ڕێگریکــردن لە مــردن. ڕووبەڕووبــوونەوەی مــردنە بە شــێوەیەکی ئەفســانەیی. هەمــان ئەو گیایەیە، کە گلگامێش بۆ نەمری دەستی خست. هەر ئەم هەوڵانەیش بووە مرۆڤ دواتـر ئـایین دادەهێنێت بـۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مـردن ببێتەوە. هاوکـات هەوڵێکە بـۆ کەشـفکردنی بــوون، بــوونی ڕاســتەقینەیش دەکەوێــتە دەرەوەی بــوونی خــۆی. وەک دەردەکەوێـت مـرۆڤ لە ئەفسانەی کوردیدا ئاگامەندە بە بوونی خۆی، بەڵام بوونێکی ناڕەسەنە، چونکە لە بوونی خۆیەوە سەیری بوون ناکات، بەڵکوو لەناو سرووشت و هێزی میتافیزیکییەوە سەیری بوونی خۆی دەکات. کەواتە لە ئەفسانەی کوردیدا بوونی مرۆڤ دەکەوێتە دەرەوەی خۆی و لەناو ئایینـدا هەوڵی سەلماندنی بوونی خۆی دەدات.

### ٢. ململانێی بەرەی خێر و شەڕ (چاکە و خراپە)

لەوەتەی ژیان هەیە، دوو بەرەی چاکە و خراپە لە ململانێدان. ئەم بـابەتە، بـابەتێکی مەعریفییە، چونکە ژیانیـان لەسەر بونیاد نراوە. هاوکات پرسێکی مەعریفییە، چونکە لە ڕێیەوە لێکدانەوە بۆ کۆی ژیـان و دیاردەکـانی سرووشـت دەکرێت. ئەم دووانەیە، لە کـۆی ئەفسانەکانی دنیا هەن. لە ئەفسانەی کوردیشدا بە شێوەیەکی ورد کاری لەبـارەوە کراوە.

ئەفسانەی کوردیش لە ڕێی باسکردنی ئەم دووانەوە هەوڵی خوێندنەوەی ژیان و سرووشتی داوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئایینی زەردەشتی، کە سوودی لە چەندین دەقی ئەفسانەیی کوردی وەرگرتووە و ئایینەکەیش ئایینێکی کۆنی کوردە، گەردوون دابەشی دوو بەرە دەکرێت. بەرەی ڕووناکی (ئاهورامەزدا/ سپێنتامینۆ) و بەرەی تاریکی (ئەهریمەن/ ئەنگرۆمەینیۆ). ئەم دوو هێزە لە سەرەتاوە تاکوو کۆتایی دنیا بەرانبەر یەک دەبن و لە ململانێدا دەبن. ((بەپێی «یەشتە دێرینەکان» گەڕی ژیان دوازدە هەزارساڵ دەبێت، لە سێ هەزار ساڵی سەرەتادا هەردوو گێتی «ئاهورامەزدا و ئەهریمەن» لە بێدەنگیدا بوون، پاش ئەوە «ئەهریمەن» لە گێتی تاریکییەوە هاتووەتە دەرەوە و ویستوویەتی گێتی ڕووناکی لەناوببات، «ئاهورامەزدا» جەنگێکی نۆ هەزار ساڵی دژی ڕاگەیاندووە، لەبەرئەوەی «ئاهورامەزدا» ئاگاداری گشت شتەکانە و زانیویەتی ئەو جەنگە بە شکستی گێتی تاریکی کۆتایی دێت، «ئەهریمەن» لە ترساندا ماوەی سێ هەزار ساڵ بە ئیفلیجی لە تاریکیدا ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا «ئاهورامەزدا» دەستی کردووە بە بەدیهێنانی ئەم گێتییە، پاش ئەوەی لە کارەکەی تەواوبووە، ئەو (گا)یەی بەدیهێناوە، کە بە «گای یەکەم» ناسراوە و ئینجا مرۆڤی یەکەمی بەناوی «گیومەرد- گیامبەرەتەن»ی بەدیهێناوە. کەواتە، «ئاهورامەزدا» بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە بەرامبەرەکەی گەردوون، دەهێنێتە بوون و هەوڵیش دەدات بەو هۆکارە بەسەریدا سەربکەوێت.)) [سایتی ئاستانە، ٢٠٢١] کەواتە بوون لەسەر بنەمای ئەو دوو هێزە وەستاوە، هاوکات مرۆڤیش بۆ ئەوە دروست کراوە، کەوا ڕووبەڕووی هێزی خراپە ببێتەوە و لەناوی ببات. لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکە، کە ئەفسانەیەکی کۆنی کوردییە و لە ئاڤێستادا ئاماژەی بۆ کراوە، ، ئەهریمەن/ ئەنگرۆمەینیۆ ئەژیدەهاکەی سێ سەری، سێ لمووزی وشەش چاوی بۆ دژایەتی و لەناوبردنی ئاهورامەزدا دروست کرد. لە کتێبی ((ئاڤێستا بەشی یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ٨دا هاتووە: ئەنگرۆمەینیۆ، ئەژیدەهاکەی سێ سەری، سێ لمووزی، شەش چاوی بۆ لەناوبردنی ژیان و ئەفرێندراوی مەزدا خولقاند.)) [حەسەن، ٢٠٢٢، ل١٢٠] هەم ئەهریمەن، هەم ئاهورامەزدا یەکی خواوەندێک دەنێرن بۆ ئەوەی شەڕەکانیان لەو ڕێیەوە بکەن. ئاتەر، یان ئاگر دەبێتە نوێنەری ئاهورامەزدا و ئەژیدەهاکەیش دەبێتە نوێنەری ئەهریمەن. ئەم دووانە دەکەونە ململانێ بۆ ئەوەی ژیان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. دواجار هێزی چاکە، ئاتەر سەردەکەوێت. ئەم ئەفسانەیە، پێشتر ڕیشەکەی بۆ ئەفسانە هەرە کۆنەکانی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. دواتر ئایینی زەردەشتی سوودی لێوەردەگرێت و لەگەڵ جیهانبینی و تێڕوانینی خۆی دەیگونجێنێت. بۆیە ((لە قۆناغی یەکەمدا پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم ئەفسانەیە لەسەر بنەمای فەلسەفەی دوالیزمی چاکی و خراپی لەچوارچێوە دراون. پاڵەوانە سەرەکییەکان لە پلەی خواوەندی بۆ پلەی ئیزەد واتە فریشتە و پلەی دێو کە نوێنەرایەتی هێزی خراپە دەکەن، دابەزێندراون. ئیزەدی ئاتەر نوێنەرایەتی هێزی

چاکە و ئەژیدەهاکە نوێنەرایەتی هێزی خراپە دەکەن. لە قۆناغی دووەمدا مرۆڤیش وەکوو پاڵەوانی ناو ئەفسانەکە دەردەکەون. ئیمە، یان جەمشید، یان ثریتوونە یان فەرەیدوون و کێرێساسپە.)) [حەسەن، ٢٠٢٢، ل١٤٣] ململانێی ئەم هێزانە سەرەتا لە نێوان دوو هێزی گەورەدا بووە، دواتر لەناو ئایینەکان دەبێتە ململانێی نێوان خواوەندەکان و پاشان دەگۆڕێن بۆ نێوان مرۆڤ و بوونەوەرێکی ئەفسانەیی وەک دێو، ئەژدیها.

لە ئەفسانەی کوردیدا، بەرەی خراپە بە زۆری دێو نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوان بەردەوام دەیانەوێ مرۆڤەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. لە هەندێک باریشدا دێوەکان چاکە بەرانبەر پاڵەوان دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر پاڵەوان خوشکی دێوەکانی خواستبێت. هاوکات هەندێک جاریش زڕدایک، هەوێ، خەسوو دەبن بە کەسی خراپەکار و دەیانەوێ هەموو شت بۆ خۆیان ببەن. بەردەوام هێزی خراپە بەربەست و کۆسپ دەخەنە بەردەم پاڵەوان بۆ ئەوەی سەرکەتوو نەبێت. بەڵام هێزی چاکە، کە نوێنەرەکەی پاڵەوانە، لە ڕێی کۆمەڵێ کەس و کەرەسەوە ئەو بەرست و تەلیسمانە لەناو دەبات. هێزی خراپە بۆ نموونە دێو هەردەم ڕۆحەکەی لەناو کولەکە، یان قاچی مامزی شەلە. پاڵەوان دەبێت ئەو ڕۆحە بدۆزێتەوە و ئینجا دەتوانیت بەسەر دێوەکەدا زاڵ بێت. واتە هەموو هێزە خراپەکان، کۆدێکیان هەیە، کە ڕێیەوە دەتوانرێت لەناو ببرێن. لە لایەکی دیکەوە پاڵەوان هەمیشە هێزی عەقڵ و بیرکردنەوە بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە لە ئەفسانەی (مام چەوەندەرۆکە)دا، کابرایەکی فەقیرحاڵە. کاتێک دەچێت بۆ مزگەوت و دەگەڕێتەوە ماڵ گاڵتەی پێ دەکەن بەوەی دەڵێن کێیە لە دەرگا دەدات، ئەویش سەری لێ تێکدەچێت و نازانێ کێیە. دواتر لەو حاڵە بێزار دەبێت و هێلکەیەک و بڕێک ئارد لەگەڵ خۆی دەبات. دەڕوات دەگاتە ئەشکەوتێک و لەوێ سێ دێو دانیشتوون لەبەر ئاگردان. ئەو دێوانە خاوەنی زێڕ و خەزێنەن. نوێنەری هیزی خراپەن. لەولایش ژن و منداڵەکانی هەمدیس نوێنەری خراپەن. بۆیەیش لیرەدا پاڵەوان هێزی ئاوەز و بیرکردنەوە بەکار دەهێنێت بۆ بەزاندنی ئەو هێزانە. لە ڕێی هەندێک مەرجی سادەوە دەتوانێت خۆی بەسەریاندا زاڵ بکات.

((لە چ دەگەڕێی؟

- وەڵلا هاتووم خەرجی حەوت ساڵوو لی دەستێنم، دیارە ئێوە یاغین!
- جا بە چتەوە!
- زۆمان تاقی دەکەینەوە! کە من بە قەوەت تر بووم لێتان دەستێنم، ئێوە بە قەوەت تر بوون مەمدەنێ.
- زۆرچاکە، قەوەتی تۆ چییە؟

هێلکەیەکی لە باغەڵی دەرهێنا و گوشی چۆڕە چۆڕ ئاوی لێ هێنا، کوتی:

- بێنن بەردە سپی بکوشن ئاوی لێ بێنن دەی!

بەردە سپیان دەکوشی دەبوو بە بڕوێش. قەت ئاوی لێ نەدەهات.)) [فتووحی و وەیسی، ٢٠١٤، ل١٤٤]

پاڵەوان بەو هۆیەوە دەتوانێت هێزی خراپە ببەزێنێت و بەسەریاندا سەرکەوێت، چونکە هێزی خراپە دەستی بەسەر ساماندا گرتووە. ئەوەی جێی باسە لێرەدا، بە درێژایی سەردەمەکان پاڵەوانەکان گۆڕاون، تا بووە بە مرۆڤ. واتە دواجار ئەوەی مرۆڤە دەبێت هێزی خراپە لەناو ببات و بەسەریاندا سەرکەوێت. لە هەندێک ئەفسانەی دیکەشدا هێزی خراپەکار هەر مرۆڤن. بۆ نموونە لە ئەفسانەی (ئەحمەدە کەچەڵی) ، کاتێک ئەحمەدە کەچەڵ و خۆشەویستەکەی ڕا دەکەن بۆ شارێکی دیکە، پاشای ئەو شارە تەماحی لە خۆشەویستەکەی دەکات و هەر جارە و بە بیانوو و مەرجێک ئەحمەد دەنێرێت بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بهێنێت، بەڵام بە هاوکاری خۆشەویستەکەی و هێزی یارمەتیدەرەوە، هەموو جارەکان داواکاری پاشا جێبەجی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت.

### ٣. سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی

ئەفسانە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی مەعریفییە بۆ زانینی چۆنیەتی داڕشتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئاشکرایە کاتێک مرۆڤ لە سرووشتی ڕوانیوە جۆرێک لە شپرزەیی بەدی کردووە. بۆیەیش هەوڵی هێنانەدی جیهانێکی ڕێکوپێک و سیستەمداری داوە. ((ئەفسانە لای خۆیەوە هەڵدەستێت بە دروستکردنی سیستەمی تایبەت بە خۆی، ئەو سیستەمەش کۆڵەکەکانی خوا و هێزە میتافیزیقییەکانن و لە هەرەمێکی ڕێکوپێک لە هۆکار و دەرەئەنجامەکانیشدا پشت بە یەکتری دەبەستن.)) [ئەلسەواح، ٢٠٢٢، ل٤١] ئەفسانە دەتوانێت وەکوو خەزێنەیەک وابێت بۆ ئەوەی ئێمە درک بە چۆنیەتی داڕشتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەردەمانی پێشوو بکەین. هەرچەندە، دەقە ئەفسانەییەکان بە درێژایی مێژوو وەکوو پێشتر باسمان کرد، گۆڕینی زۆریان بەسەردا هاتووە.

هێندەی ڕامانمان بۆ ئەفسانەی کوردی کردبێت، زۆر بە وردی سیستەمی کۆمەڵایەتی خستۆتەڕوو. لە ئەفسانەی (چارۆکە پیوازێ) دۆخی توندوتیژی بەرانبەر ژنان خراوەتەڕوو. بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی ڕەمزدا باسکراوە. قالۆنچەیەک، لە گردێک دێتەخوارەوە، لەولایش باری پیوازی عەجەمان کەوتبوو. توێکڵە پیوازێکی گەورە دەکەوێتە سەر قالۆنچە. قالۆنچە بە تەنیشت گاوانیدا دەڕوات، ئەویش سەیر دەکات لەبن توێکڵە پیوازی قالۆنچەیەک هەیە و دەڕوا، دەڵێت: ((هۆی چارۆکە پیوازێ، ناز و نیمنازێ، تەقتەقەی کەوشان، بۆنی وەنەوشان، بە گوڵ و ڕیحانێ، ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

ئەویش قالۆچە گوێی لێبوو، گوتی: وەڵڵا دەچمە شاری شووکردن، گوتی: وەرە شوو بە من بکە. کوتی بە چیم بەخێو دەکەی؟ کوتی: وەڵڵا بە نانی گاوانی. کوتی: بە چیم لێدەدەی؟ کوتی: بە گۆپاڵی گاوانی. کوتی: بڕۆ بڕۆ هەی دە زاری بابت ڕیم، وەڵڵا مێردت پێناکەم.)) [سەلیمی، ٢٠١٣، ل٦٠] دواتر دەگاتە شوانێک، ئەویش دەڵێ بە گۆپاڵ لێتدەدەم. دەگاتە مشکێک و دەڵێت: بە کلکم. شوو بە مشک دەکات. دواتر مشکیش لەناو قۆرتێک بن ئاوی دەکات. کە بەهار دادێت، قالۆنچە زیندوو دەبێتەوە و هەڵدەفڕێت و ئازادی وەردەگرێت. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کچی کورد چۆن سەبارەت بە ماڵ و شووکردن بیری کردۆتەوە. کچ گەڕاوە بۆ ئەوەی هاوسەرێکی باش بۆ خۆی پەیدا بکات. بۆ ئەمەیش دوو مەرجی هەبووە. یەکیان ئەوەیە بە چی بەخێو دەکات و دووەمیان بە چی لێیدەدات. ئەفسانەی کوردی پێمان دەڵێت، لە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا ئەم دوو شتە بنەمای هاوسەرگیری بوونە. بۆیەیش کچی کورد، بە دوای ژیانێکی زۆرباش لەو ڕووەوە گەڕاوە. هەرچەندە هاوسەرێکی باش (مشک) دەبینێتەوە، کە جێگای گەرم و زەخیرەی باشی هەیە، کلکیشی نەرمە بۆ لێدان، بەڵام دواجار کاتێک ژنەکە (قالۆنچە) دەیەوێ نازی بەسەردا بکات، بنئاوی دەکات. لێرەوە هەستی نێرسالاری پیاوی کورد نیشان دەدات. بۆیەیش کچە دوا جار ئازادی خۆی وەردەگرێت و بە ئازادی دەفڕێت. واتە لە ئەفسانەی کوردیدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە کچ دەبێت ئازاد بێت و دوا جاریش ئازادی خۆی وەردەگرێت و خۆی دەیەوێ شتەکانت بونیاد بنێت.

لە ئەفسانەی (هەمڕانە هەمڕانە)دا باسی سیستەمی دادپەروەرییە، کە چۆن ستەم و ستەملێکراو مافی خۆیان وەردەگرنەوە. چەسپاندنی دادوەری و ستەمنەکردن، یەکێکە لەو باسانەی ئەفسانەی کوردی لەبارەیەوە دواوە. لەم ئەفسانەیەدا، مریشکێک لەسەر هەواری ڕەوەندان بەجێدەمێنێت، پاش ماوەیەک چەندین هێڵکە دەکات و لەسەریان کڕ دەکەوێت. دوای هەڵهێنانی هێڵکەکان، جووجکەکانی بەخێو دەکات. ڕۆژێک ڕێوی پەیدا دەبێت و دەڵێت: با شایی بکەین. ڕێوی لەناو شایی دەڵێت: ((هەمڕانە مڕانە، مڕانە، مڕانە، دەخۆم دایک و جووجکانە، دایک و جووجکەم پێبڕانە. مریشکیش گوتی: مام هۆمەری لەوێیە، تاجی و توڵێکی پێیە، بیگرن ڕێوی دەشتێیە.)) [سەلیمی، ٢٠١٣، ل٥٩] ڕێوی دەیەوێ ستەم لە مریشک بکات و بە زۆر جووجکەکانی بخوات. مریشکیش هاوار بۆ مام هۆمەر دەبات بۆ ئەوەی ڕێوی لە کۆڵ بکاتەوە. دوای ئەوەی ڕێوی واز ناهێنێت، مام هۆمەر تانجی تێبەردەدات و ڕێوی دەتۆپێنن.

سیستەمی سیاسی لە ئەفسانەی کوردیدا، سیستەمی پاشایەتییە. هەمیشە دەولەتی پاشا بە شار ناودەهێندرێت. زۆر جاریش شارەکان ناوێکی سەردەمیان هەیە، ئەویش بە هۆی

ئەوەوەیە، کە حەکایەتخوانی هەر ئەفسانەیەک بە گوێرەی سەردەم و دەوروبەری خۆی ئەو ئەفسانەیەی گێڕاوەتەوە. سەرهاتی پاشاکان و نواندنەوەی سیستەمی دەسەڵاتیان بە دوو شێوە بووە. شێوەیەکیان، هەمیشە پاشا گرفتێک و کێشەیەکی هەبووە، بۆ نموونە تووشی نەخۆشییەک دەبێت، یان منداڵی نابێت، یان کوێر دەبێت. شێوەی دووەم ئەوەیە، پاشا، وەکوو زۆردارێک دەردەکەوێت و تەماحی لە خۆشەویستی پاڵەوان دەکات. لە ئەفسانەی کوردیدا هەموو پاشاکان، دوو وەزیریان هەیە. یەکیان وەزیری دەستەڕاستە و ئەوی دیکەیان وەزیری دەستەچەپە. پاشا وەک دەسەڵات، ترۆپکی دەسەڵاتە و هەموو ئەوانی دیکە دەبێت لە خزمەتیدا بن. ئەگەر پاڵەوان هەرچەند بەهێزیش و هەموو کەرەسەیەکی جادوویی لەبەردەست بێت، بەڵام کاتێک پاشا فەرمانێکی پێ دەکات، دەبێت ڕاستەوخۆ جێبەجێی بکات. کەواتە پاشا دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنیشی هەیە. بێگومان ئەم دەسەڵاتەیشی لە خواوەندەکانەوە بۆ ماوەتەوە. لە ئەفسانەی (حاکمێ ئامێدی و خوینا زارۆکێ)دا، پاشا تووشی نەخۆشییەک دەبێت و مەلا و نۆژدار دەڵێن دەبێ خوێنی منداڵێک، کە چلەی نەچووبێت. ((دبێژن وەختەکی حاکمەک هەبوو ل باژێرێ ئامێدیێ، وەختەکێ درێژ دەسهەلاتداری کر، خودێ وەسا حەز کر، ئێشەک دا حاکمی، نەساخ بوو، خودێ خلتەک دایێ دگۆتنێ خلتێ فرەنگی، وەختی ئەڤی خلتی ئەڤ حاکمە گرتی، گەلەک بزاڤکرن ل دەڤ نۆژدارا، بۆ چارەسەرکرن و دەرمانان، بەلێ چ ڕۆژا پاشتر، ئێشا وی یاخراپترە و پتر لەشێ وی ڤەدەگرت، پێڤە مانە محتل! ڕۆژەکێ گۆتە وەزیرێ خۆ، ئەی وەزیر، هندی دەڤەرا دکەڤیتە بن دەستهەلاتداریا مەدا کا چەند مەلا و نۆژدار لێ هەنە، دێ بۆ من ئینی ڤێرە کۆمکەی!!)) [شێلادزێ، ٢٠٠٥، ل٤٣] وەزیرەکان و خەڵکیش بڕوایان وایە دەسەڵاتی پاشا لە خواوەندەکانەوەیە، بۆیەیش ناتوانن بە هیچ شێوەیەک سەرپێچی بکەن. پاشاکان و سیستەمی سیاسییان وەکوو خەلیفەی خواوەندن لەسەر زەوی، ئەمەیش هەوڵێکە بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی خواوەند.

### ٤. سیستەمی ئایینی

هەرچەندە فەزای میتافیزیکیی و پەنهانی بەسەر تەواوی دەقە ئەفسانەییە کوردییەکاندا زاڵە، بەڵام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام گۆڕینی ڕیشەیی لە ئەفسانەکاندا ڕوویداوە، ئەویش هەم پاڵەوان، هەم ناوی پاڵەوانەکان لە خزمەت ئایینەکەدا بەکارهاتوون. ناوی پاڵەوانەکان زیادتر ئەحمەد، مەحموود و محەمەدن. بێگومان ئەمەیش بۆ ڕەهەندی پیرۆزی ئەو ناوانە دەگەڕێتەوە. هاوکات ململانێی نێوان بەرەی شەڕ و بەرەی چاکە لەبەرژەوەندی ئیسلام یەکلایی کراوەتەوە. بۆ نموونە شەڕەکان پتر بوون بە شەڕی کافر و موسڵمانان. خدری زیندە، وەک کەسایەتییەکی ئایینی کەسێکە بەردەوام دێتە سەر ڕێی پاڵەوان و لە نەهامەتی و ناخۆشییەکان ڕزگاری دەکات. دەبینین خدری زیندە،

کەسایەتییەکی ئایینیە و لە چیرۆکی گەشتەکەی مووسا پێغەمبەر بەشداری دەکات و ئەو شتانەی ئەو لە غەیبەوە دەیزانێت، مووسا پێغەمبەر نایزانێت. ئەم کەسایەتییە لەناو ئەفسانەی کوریدا وەک مرۆڤ زۆر هاتووە. بابەتی غەیبزانیش تەنی لە دەسەڵاتی کەسێکە، کە هێزێکی خواوەندی هەبێت، یان ئەوەیە خواوەند ئەو دەسەڵاتەی پێدابێت.

لە ئەفسانەی (زمانزانینی ئاژەڵ و پەلەوەران)دا، مام ئەحمەد هەیە، کە زمانی ئاژەڵ و پەلەوەران دەزانێت. دەمەتەقێی کەڵەباب و سەگێک باس دەکات، کەڵەبابەکە بە سەگەکە دەڵێت، ئەمرۆ کەڵەی خاوەنەکەت دەمرێت و تۆش تێر گۆشت دەبیت. مام ئەحمەد بە خاوەن کەڵەکە دەڵێت: ئەم کەڵەت بفرۆشە دەنا دەمرێت. ڕۆژی دواتر سەگەکە دەڵێتە کەڵەباب، کوا نەمرد، فرۆشتی، ئەویش دەڵێت: ئەوە کەسێک زمانی ئێمە دەزانێت و پێیگوتووە. بۆ وشترەکەیش هەمان شت. جاری سێیەم، کەڵەبابەکە بە سەگەکە دەڵێت: ئەمرۆ خاوەنەکەت دەمرێت و تۆش لە تازیەکەی تێر گۆشت دەبیت. مام ئەحمەد بە کابرا دەڵێت: ((ئێستاش کابرا دەمرێ. ئێوارێ کابرای ساحێبی مە دەمرێ، ئەو دەمی پلاو و گۆشت زۆر دەبی. جا دەمی تێنێ و بخۆ. مام ئەحمەد گوێی لەم قسەیە بوو. کابرا لەوێ بوو. کوتی کابرا ئەورۆ دەمری. کورە کوتی مام ئەحمەد چۆن دەمرم؟ کوتی بە خوڵای دەمری. جا کابرا چەقوچۆقی هاتی لە ترسان هەڵات بۆ دەرکی مزگەوتێ، لەوێ کابرا کەوت حەزرەتی عیزرائیل هاتە سەر سنگی رووحی کێشا.)) [سەلیمی، ٢٠١٣، ل٥٤] ئەگەر تەماشا بکەین، دەقەکە چۆن بەرگێکی ئایینی بەبەردا کراوە و مام ئەحمەد لە پلەیەکی پیرۆزیدایە، چونکە کەسێک ئەگەر چەندین پلە و مەقامی ئایینی نەبڕیبێت ناتوانیت لە زمانی ئاژەڵ و باڵندە تێبگات. ئەحمەد یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەری ئیسلام و نیشاندانی پێگەی پیرۆزیی ئەوە. بۆیەیش ئەفسانەی کوردی وەک باوەڕێکە و ڕەنگدانەوەی باوەڕی تاکی کوردە لە ڕووی ئایینیەوە. ئەو باوەڕەیش پیرۆزییەکی تێدایە و دەلالەتی خۆی هەیە، هاوکات ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە.

لە هەموو ئایینەکاندا، بەتایبەت ئایینە ئاسمانییەکان، ململانێی نێوان هێزی شەڕ و هێزی خراپەیە. هەردوو هێزەیەکەیش ئەوپەڕی دەسەڵاتیان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئەوی دیکە ببەزێنێت. بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی هەردوولایش بێ سنوورە، وەک پێشتریش گوتمان، دواجار هێزی چاکە سەردەکەوێت و ئاشتی و ئارامی دەچەسپێت. ئایینیش هەر ئەم ئەرکەی هەیە و دەیەوێ بەرەی چاکە سەربکەوێت و دواجار مرۆڤ لە بەهەشتی هەتاهەتاییدا نەمری بەدەست بهێنێت. هاوکات ((گەڕان بە دوای خودا و خوداناسی کارێکی بەردەوامی ئایین و فەلسەفەی هەموو مرۆڤایەتین کوردیش بەشێکە لەو مرۆڤایەتییە، لەوەشدا بێ کاریگەری نەبووە، چ بە داهێنانی فیکرەی خوداناسیی و ئایین- وەک نموونەی زەردەشت

پێغەمـــبەر وەک پێغەمبەرێکـــی نـــاوداری کـــورد، هەروەهـــا کـــاریگەربوون بە ئـــایین و ئایینزاکانی تری دەوروبەر، کە ئەمانەش بەهەردوو شێوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریان لە دیدی خوداناسی کورد کردووە و لە ئەفسانە و فەلسەفەشدا ڕەنگیان داوەتەوە.)) [حەسەن، ٢٠٠٧، ل٥٧] لە ئەفسانەی (هەرچی خوا نەکا ناکریّ)، هەیاس دەیەوێت ئەو ڕستەیە بۆ سوڵتان بسەلمێنیت، بەڵام سوڵتان باوەڕی پێ ناکات و دەڵێت من دەتوانم شتێک بە دڵی خۆم بکەم. هەردووک بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەڕۆن. سوڵتان دەڵێت، ئێستا من دەچمە ماڵێکی دەوڵەمەند میوان دەبم، بزانم خودا دەمباتە ماڵێکی هەژار.((گۆتی فەرموو، دەرکەکەی زێڕ بوو، قەسرەکەی زۆر خۆشبوو، رووی دە قەسرەکەی کرد و لە دەرکەی دا.

گوتی: ئەمن ئۆ ئەچمە ئەو قەسرە گەورەی. قەسری ئەوهە لەو شارەی نییە، دەرکەشی زێڕە. دە گۆتی: فەرموو بڕۆ ژۆرێ.

وەکی چوون ڕایەخەکی خراپی لێڕاخرابوو، لەسەر ڕایەخەکەی دانیشتن. کابرا نانەکی ڕەقی هێنا لە پێشی دانان لەسەر سنی. گۆتی دەر فەرموو بخۆن.)) [خۆشناو، ٢٠١٣، ل٨١] هەیاس، کەسێکە هێزێکی خواوەندی کۆمەکی دەکات، بەوەی زانیاری لەسەر زۆربەی شتەکان هەیە. لەم ئەفسانەیەدا بە چەند ئەزموونێک و بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەوەی بۆ دەسەلمێنێت، کە ئەوەی خودا نەکا نابیت. دواتر ژنی خانەخوێ منداڵی دەبێت و ئەوانیش لەو شەوەدا لەوێ بوون، هەیاس بە سوڵتان دەڵێت، ئەو منداڵە دەبێتە زارای تۆ. دواجار دەبێـتە زاوای ســوڵتان. بەمەیــش ئەوە دەســەلمێنێت، کە ئەوەی خــودا نەکــا نابێــت. لەم ئەفسانەیەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە خودا وەک هێزێکی باڵادەست و هەموو شت بەدەست دەتوانێ هەموو شتەکان بکات و مرۆڤ وەک بەندەیەک هیچی لەژێر دەستدا نییە. ئەوە خودایە بڕیار دەدات چی دەبێت و چی نابێت، نەک مرۆڤ.

ڕەهەندی ئاکاری لە ئەفسانەی کوردیدا زۆر بە ڕوونی کاری لەبارەوە کراوە، بەڵام بە ڕەهەندێکی ئایینیانە. ئاشکرایە بابەتی ئاکار، زیادتر ئەو بنەما و دەستوورانە دەگرێتەوە، کە تاکێک لە تاکێکی دیکە جیا دەکاتەوە. خواوەند پاریزەری سیستەمی گەردوونە ئەویش لە ڕێی پاراستی ئەو یاسا و بنەمایانەی گەردوونی لەسەر بەڕێوە دەچێت. ئەرکی خواوەنـــدە لە ڕێـــی نـــاردنی چەنـــدین یاســـا و ڕێســـا و بنەمـــاوە پارێزگـــاری لە سیســـتەمی کـــۆمەلایەتی مرۆڤەکـــان بکـــات. ئەو یاســـا و ڕێســـایانەیش بـــریتیین لە ئاکارەکـــان، کە مرۆڤەکان دەبێت دەستی پێوە بگرن. هاوکات پاڵەوان لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە دەبێت ئاکاری بەرز بێت و ببێتە نموونە بۆ خەڵکی. واتە ئاکاری باش و جوان یەکێکە لە مەرجەکانی پاڵەوانبوون. لە ئەفسانەی (لاوێ گۆڵگەنی) ئەحمەد پاشا، پاشای وڵاتێکە، تەمەنی هەڵدەکشێ و منداڵی نییە. بۆیە وەزیر و پیاوماقوڵان دەڵێن بۆ ئەوەی وڵاتمان دوای

پاشا بێ پاشا نەبێت، ئەوا پێویستە ژنێک بۆ پاشا بهێنین. ژنی بۆ دەهێنن، بەڵام کوڕێکی زۆر ناشرینی دەبێت. ژنەکەی داوای لێ دەکات، منداڵەکەی لەناو ببات، بەڵام پاشا دەڵێت: ژنەکە تەمەنم نەوەد و پێنج ساڵە ئەی کێ جێگەم بگرێتەوە؟ پاشا مامۆستا بۆ کوڕەکەی دەگرێت و فێری هەموو هونەرێکی پاڵەوانبوونی دەکەن. ڕۆژێک پاشا، ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات: ((وەسیەتم بی ئەگەر نمەکی پیاوەکت کرد پڕی مەدێ، ئەوەی هات تەعەدا بکات لەبەری بپارێوە ئەگەر بە قسەی کردی، کردی، ئەگەر نەیکرد سەری قوتکە.)) [گردەسۆری، ٢٠١٠، ل٩٥] پاشا بە هۆی ئەوەی نوێنەری خودایە لەسەر زەوی لە ئەفسانەدا، بۆیەیش دەبێت منداڵەکانی جوانترین و باشترین ئاکاریان هەبێت. پاشا بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و نەریت و دەستووری بنەماڵەکەی پاریزگاری لی بکات، ئەوا دەبێت کوڕەکەی بە باشترین شێوە پەروەردە بکات. پاڵەوان بۆ ئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو خەڵک بچەسپێنێت و پشتی ڕاستی بگرێت ئەوا دەبیت لەگەڵ بەرەی شەڕدا بجەنگێت. جیاواز لە جەنگان، دەبێت ئاکاری بەرز بێت. وەک پێشتریش باسمان کرد، ئاکاری پاڵەوان بەرگێکی ئایینی بەربەردا کراوە و دەکرێت.

**ئەنجام**

- ئەفسانەی کوردی، هەنگاوێکی مەعریفییە، کە مرۆڤی ئەو کات لە ڕێیەوە ژیانی خۆی گۆڕیوە. بە بڕوای ئێمە ئەفسانەی کوردی سیستەمێکی بیرکردنەوەیی تەواوەتییە لەو ڕێیەوە مرۆڤی کورد بیری لە کۆمەڵێک دیاردە کردۆتەوە.

- لە ئەفسانەی کوردیدا، پرسی بوون، پەیوەست نییە بە تاک. واتە پرسەکە گەڕانەوە نییە بۆ تاک و مرۆڤ، بەڵکوو پرسەکە پەیوەستە بە هێزێکی باڵاتر لە مرۆڤ، ئەو هیزەیش لە ڕێی سیحرەوە دەتوانیت ئەو بوونانە هەڵسوڕێنێت و بوونیان پێببەخشێت، یان لێیان بسێنێتەوە.

- لە ئەفسانەی کوردیدا پاشا دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنیشی هەیە. بێگومان ئەم دەسەڵاتەیشی لە خواوەندەکانەوە بۆ ماوەتەوە.

- لە ئەفسانەی کوردیدا، مەرجە پاڵەوان ئاکاری بەرز و جوان بێت، ئەمەیش بۆ چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتییە، هاوکات بۆ ئەوەیە ستەم و زۆرداری و ناشرینییەکانی هێزی خراپە لەناو ببات.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: پەرتووکی کوردی


1. ئەلسەواح، فراس (٢٠٢٢)؛ ئەفسانە و مانا، لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پالەوان،دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.
2. باخەوان، هاوڕێ (٢٠٠٣)، کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
3. جوتیار، خالد (٢٠٠٦)، سەمای ئەجندان، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
4. جوتیار، خالد (٢٠٠٧)، دێو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- وێستگەی ئایندە، سلێمانی.
5. حسەن، مولود ابراهیم (٢٠٠٢)، گەڕان بە دوای نەمریدا (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری مێژوویی بەراوردکارییە)، دەزگای ئاراس، هەولێر.
6. خۆشناو، هێن عومەر (٢٠١٣)، کانیی خومان، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیوتی کورد، سلێمانی.
7. سەلیمی، هاشم (٢٠١٣)، چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
8. السواح، فراس (٢٠٢١)، سەکێشیی یەکەمی ئەقڵ، وەرگێڕانی: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی (٢٠٠٥)، چیرۆکێن میللیێن کوردی،زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کورد، سلێمانی.
9. فتووحی و وەیسی، سوارە و ڕەسوڵ (٢٠١٤)، ڕاز، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
10. کەمال، محەمەد (٢٠٠٧)، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، دەزگای سپیرێز، دهۆک.
11. کەمبڵ، جۆزیف (٢٠٠٨)، دەسەڵاتی ئەفسانە، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پالەوان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
12. گردەسۆری، جەمال (٢٠١٠)، مێری مەیدان، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.


### دووەم: گۆڤار


13. حەسەن، فەرهاد عەزیز (٢٠٢٢)، ئەفسانەی ئەژیدەهاکە یا داستانی زوحاک، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە:٥٢.

عەدۆ، ئەسعەد (١٩٧٨)، ئەفسانە و لێدوانێکی پراکتیکی، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٨).


### سێیەم: سایتی ئینتەرنێت


14. سایتی ئاستانە (٢٠٢١)؛ ئافراندن لە ڕوانگەی زەردەشتییەکانەوە:

\http://astane.org/CatDetail.aspx?id=479&MapID=1&FolderID=9&FileID=5


### چوارەم: پەرتووکی عەرەبی


15. رانفين، ك.ك. (١٩٨١)، الاسطوره، ترجمه: جعفر صادق الخليلى، منشورات عويدات، بيروت.
16. سيجال، روبرت ايه (٢٠١٧)، الاسطوره (مقدمه قصيره جدا)، ترجمه: محمد سعيد طنطاوى، موسسه هنداوى،
17. سيدا، عبدالباسط (١٩٩٥)، من الوعى الاسطورى الى بدايات التفكير الفلسفى النظرى، بلاد الرافدين تحديدا، دار الحصاد للنشر والتوزيع.
18. الملاح وخرون، هاشم (١٩٨٨)، دراسات فى فلسفه التاريخ، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.

# الأساطير الكردية كخطوة أولى نحو المعرفة


## الملخص

الأسطورة نوع من أنواع المعرفة والإدراك حاول الإنسان من خلالها اكتشاف العديد من السلطات العظيمة، أي أنها أداة معرفية استُخدمت لفهم الظواهر الطبيعية والحياة البشرية . وكانت الخطوة الأولى للإنسان نحو المعرفة هي احتكاكه بالطبيعة والظواهر الطبيعية، ثم الرعي وظهور الحضارات الزراعية .ونعني بذلك أن هذه التغيرات حدثت نتيجة للتطور والفكر المنطقي، وليس عفوية .لذا فإن الأسطورة، وحتى الأسطورة الكردية، تمثل الخطوة الأولى نحو اكتساب المعرفة .وتستند دراستنا إلى عمل عالم الأساطير الشهير فراس السواح، وتحديداً حجته في أسطورة الرحلة الأولى للعقل . من ناحية أخرى، نستخدم أطروحة كلود ليفي شتراوس بأن الأسطورة ليست مجرد نص أدبي، بل هي أيضاً لغة متميزة ومستقلة تماماً، لأن الوحدات والفئات التي تشكل الأسطورة بشكل عام، والأسطورة الكردية بشكل خاص، تحقق المستقبل . وفي هذه الدراسة، سنتناول ونستكشف الأساطير الكردية كلغة عصرها .تمثل الأساطير الكردية الخطوة العقلية التي غير بها الإنسان حياته .الأساطير الكردية، بناءً على فهمنا، هي نظام تفكير شامل استخدمه الشعب الكردي للتأمل في مجموعة متنوعة من المواقف .على سبيل المثال، بما أن هناك موتًا، فكيف يمكنه الحفاظ على نفسه خالدًا، ولهذا السبب اخترع الدين ومفهوم الحياة بعد الموت؟ إذن هناك جهاز عقلي قائم على العقل يعمل في تطوير الأسطورة .هدفنا هو إثبات ما إذا كانت الأساطير لها أصول دينية . يولد العقل البشري الأساطير، والتي تعد أول أمثلة للفكر المنطقي .بعبارة أخرى، يستخدم الإنسان الأسطورة في البداية لتبرير تفسيره العقلاني للأحداث.



**الكلمات الدالة:** *المعرفة، الأساطير الكردية، النظام الاجتماعي، الدين، الوجود.*

## Kurdish mythology as the first step towards knowledge


**Abstract**

Myth is a type of cognition and knowledge through which humans have attempted to find out numerous tremendous authorities. That is, it is a cognitive tool utilized to understand natural occurrences and human life. Man's initial step towards knowledge was his exposure to nature and natural phenomena, followed by pastoralism and the emergence of agricultural civilizations.

We imply that these alterations occurred as a result of development and logical thought, rather than being spontaneous. So myth, even Kurdish myth, represents the first step toward acquiring knowledge. Our study is based on the work of the famous mythologist Firas al-Sawah, namely his argument in The Myth of the First Journey of Reason.

On the other hand, we use Claude Levi-Strauss' thesis that myth is not just a literary text, but also a wholly distinct and independent language, since the units and categories that comprise myth in general, and Kurdish myth in particular, fulfill the future. In this study, we shall approach and investigate Kurdish mythology as a language of its time. Kurdish mythology represents the mental step, in which man transformed his life.

Kurdish mythology, based on our understanding, is a comprehensive system of thinking that Kurdish people have used to contemplate a variety of situations. For example, given that there is death, how can he maintain himself immortal that is why he invented religion and the concept of life after death? So, there is a reason based mental apparatus at work in the development of myth.

Our aim is to demonstrate if myths have religious origins. The human mind generates myths, which are the first examples of logical thought. In other words, man initially employs myth to justify his rational interpretation of occurrences.



**Keywords:** *Knowledge, Kurdish mythology, social system, religion, existence*.